# شەڕی چات و گەنجە عەرەبەکانی کەرکوک

ئاکۆ محمد شوانی

حوکمی قەرەقووشیانەی عەرەب وایە کە کەس لەدەرەوەی بازنەی عەرەب بوون قبوڵ ناکات، هەر ئەوەشە وایکردووە کە ئەم دونیا بینیە شۆڤێنیە هەمو کایە وبوارەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی بگرێتەوە، بە تایبەت لەنێو گەنجانیدا پەرەی پێبدرێت، دەسەڵاتداران و بگرە هاوڵاتییە ئاساییەکانی عەرەبیش بەیەک لۆژیک بیر دەکەنەوە، ئەویش بەکارهێنانی هەموو ئامراز و وەسیلەیەکە لە پێناو ڕەتکردنەوەی هەموو کەس لە دەرەوەی بازنەی عەرەب بوون بیر بکاتەوە. یەک لەو ئامرازانەش ئینتەرنێتە، بێگومان گەشەی ئامرازەکانی پەیوەندی کە بەرهەم و زادەی ئەقڵی ئەمریکا و ئەوروپا و وولاتانی ڕۆژئاواو سەرمایەدارەکانە، سەرەڕای کەم و کورتیەکانی خزمەتێکی گەورەی به لەیەکتر نزیک کردنەوەی بەشەریەت کردوە.بەڵام ئەو ئامرازە کە لە پێناو ئاسانی پەیوەندییە لەگەڵ دەرەوەی خۆتدا بۆ چنینەوە و ئاڵو گۆڕی زانیاری بۆ بەدەست هێنانی تازەترین بەرهەمە زانستیەکانی دونیا، کەچی بە چەشنێکی فراوان ئەمە لەلای گەنجانی عەرەب بۆ ئامرازە بیر تەسکەکانی خۆیان بەکاردەهێنرێت، ئێمەی کورد لە پێناو ڕونکردنەوەی هەرچی زووتری مافەکانمانە پەنا دەبەینە بەر هەموو ئامرازێک بۆ گفتوگۆ. یەک لەو ئامرازانەش ئینتەرنێتە. بەڵام بەداخەوە وەک تۆماس بینسکۆ دەڵێت "مافی قسەکردن خۆشە بەڵام مافی گوێ نە گرتنی لەگەڵدا بێت" بۆیە لە دیالۆگ یان چات گەنجانی عەرەبی نەک هەر ئەو گوتە پیادە دەکەن، بەڵکو گەر بزانن کوردیت بە جۆرێک مامەڵەت لەگەڵ دەکەن،کە هەرگیز بیر لەبەیەکەوە ژیان نەکەیتەوە لەگەڵ عەرەبی خۆ بەزلزانی هیچ لەباردا نەبو. شەڕێکی گەورە ئەمڕۆ لەسەر چات و ماڵپەڕەکانی دیالۆگ لە نێوان گەنجانی کورد و عەرەب هەیە، ئەو شەڕەی کە هەرگیز پێم وانیە خواست و ئەخلاقیەتی کورد بێت. بەشێوەیەک ئەوان دیالۆگ و چات دەکەن کە مرۆڤ ڕقی لە هاوسنوریش دەبێتەوە لە گەڵیان،سوکایەتی کردن بەسەرکردەکانمان هەڵدەدەن، بەسەر شان و باڵی سەرکردەکانی عەرەب و عاشە فەلوجە کوردی عەمیل و خۆ فرۆش و دەیان ناو ناتۆرەی گەورەتر. لەبەرامبەردا کورد عاشە شارۆن دەنێرێ و جنێو بەڕیزبەندی سەرکردەکانیان دەدات، بۆیە کەسێک لەناو یەکێک لەو ماڵپەڕانەدا بێت هەست ئەکات بچوکترین دەرفەتی بەیەکەوە ژیان نیە.هەندێک نمونە هەیە کە هەرگیز مرۆڤ بیری ناچێتەوە.لەگەڵ یەک لەو عارەبانە گفتوگۆمان کرد خەڵکی بەسرایەو بەمنی وت "ئێوە هەرگیز عێراقی نین و نابێت وەک هاوولاتی مامەڵەتان لەگەڵدا بکرێت. وە مافی وە دەستگرتنی هیچ شتێکتان هەبێت" وتم ئێمە مەمنون، ئێمەش خۆمان هەست بەوە دەکەین عێراقی نین ئەوە سەرکردەکانە دەیانەوێت بمانکەنە عێراقی، عێراق درۆیەکی گەورەیەو دەبێت هەڵبوەشێتەوە. وتی چۆن دەبێت یەکێتی خاکی عێراق تێک بچێت؟ دەبێت لەعێراقدا بمێنن!!!.نایانەوێت دەست بەردارمان بن بەڵام ناشیانەوێت مافمان هەبێت، ئەوە یەکە لەو نمونانەو بۆ هەموویان دەست دەدات و هەموویان بەو مەنتقە بیر دەکەنەوە.ئەمە ئێستا لە واقعی کەرکوکیشدا بونی هەیەو تاوەکو ئێستاش گەنجانی عەرەب لەو شارەدا بەو لۆژیکە بیر دەکەنەوە،کە لە دەرەوەی عەرەببوون هیچ نەتەوەیەکی دی بوونی نییە، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بەو سیاسەتە شۆڤێنیەی سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسەوە هەبێت، کە ماوی دەیان ساڵە دەیچێنێت، دەرکردنی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەو فێربوونی کلۆجێک بۆ پێکەوە ژیان ماوەیەکی دەوێت، تاوەکو گەنجانی عەرەب و تورکمان رابێنین لەسەر ئەوەی، کە ئێمەش مرۆڤین و پێکەوە ژیانی هەموومان زامنی ئاشتی و ئارامیە بۆ شارەکە، پێچەوانەکەشی خراپبونی باری ئەمنی و ئەو ڕەوشەی ئێستا کەرکوکە، کە هیچکام لە نەتەوەکان بە تایبەتیش گەنجان ئەویدی قبوڵناکەن و سودی لێوەر ناگرن، جگە لەتێکچونی ژیانی هەموومان.

Shwani 2000@hotmail.com



## بەرامبەر بە دەنگنەدانیان لەسەر دەستوری کوردستان
# کەمپینێک بۆ داکۆکیکردن لە مافەی کەرکوکیەکان دروست دەکرێت

Farman_osman2001@yahoo.com
فەرمان عوسمان - کەرکوک

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ دەستوری هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، بڕیاردرا لە 7/25 لە ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و هەڵبژاردنی پەرلەمان دەنگ لەسەر ئەو دەستورە بدرێت لە لایەن هاووڵاتیانی کوردستانەوە، کەچی هاووڵاتیانی شاری کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لەو ڕاپرسیە بێبەشدەکرێن وناتوانن دەنگ لەسەر دەستوری هەرێمەکەیان بدەن، لەبەرامبەردا چەندین پارێزە وکەسایەتی دیاری شاری کەرکوک کەمپینێک دروست دەکەن بۆ داکۆکیکردن لە مافی دانیشتوانانی شاری کەرکوک و داوادەکەن لە ڕۆژی 7/25 سندوقی دەنگدان لە سنوری ناوچەدابڕاوەکان دابنێرت، تاکو کوردانی ئەو ناوچانە بتوانن دەنگ لە سەر دەستوری هەرێمی کوردستان بدەن و بڕیارە لە دووشەممەی داهاتوو کۆنفرانسێک لەشاری کەرکوک ببەستن، ئەو کەمپینە پێیانوایە دەنگنەدانی کوردانی ناوچەدابڕاوەکان شەرعیەت دانە بەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێی وابوو لە ئێستادا ناتوانرێت ئەو ڕاپرسیە لە کەرکوکیش ئەنجام بدرێت، چونکە پارێزگای کەرکوک نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان هەرکات ئەو بڕیارە دەرچوو مادەی 140 جێبەجێکرا، کەرکوکیەکانیش وەک هەموو دانیشتوانانی هەرێمی کوردستان مافی هەردەنگدان و ڕاپرسیەکیان هەیە لەسەر هەرپرسێک بێت.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی پێی وابوو نەک راپرسی لەسەر دەستور بەڵکو دانیشتوانانی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکان مافی خۆیانە دەنگ بە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانیش بدەن، ئەحمەد عەسکەری وتی" ئەم ناوچانە کوردستانین هەرچەندە مادەی 140 جێ بەجێنەبوو بەڵام دانیشتوانانی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان کوردێکی زۆری تێدا نیشتەجێیە ودەبێت مافی ئەوەیان هەبێت دەنگ لە سەر هەرپرسێک بدەن کە پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوە چ دەستور بێت یان هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان ئەگەر مافیان نەبێت دەنگ بدەن کێ دەنگ بە ئەو نوێنەرانە دەدات کە کەرکوکین"

لە هەمان کات ئەندامانی کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەو دەستورەی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەنەوە و یەکشەمەی ڕابردوو لە بەیاننامەیەکدا ئەو دەستورەیان ڕەتکردەوەو کە باس لە کوردستانیەت بوونی کەرکوک دەکات و داوایان لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق و گەلی عێراق کردوە زۆر بە زوویی تەداخولی ئەو مەسەلەیە بکەن، چونکە پرسی کەرکوک پرسێک نییە تەنها کورد بڕیار لەسەر چارەنووسی بدات پرسی کەرکوک پەیوەستە بە هەموو عێراقیەکانەوە، کوتلەی عەرەبی لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیان وایە لە بڕگەی یەکەم و دووەمی دەستوری هەرێمدا باس لە کوردستانی بوونی کەرکوک کراوە ئەوە نایاساییە.

سەبارەت بەهەمان پرس عارف قوربانی نووسەرو ڕۆژنامەنووس رای وایە مەسەلەی دەستورمەسەلەیەکی گرنگە و پەیوەندی تەنها بە وجیلەوە نیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەژین، بەڵکو پەیوەستە بە جیلی داهاتووشەوە. ناوبراو وتیشی "ئەوە پەیوەندی بەرەورەوەی ژیانی میللەتەکەمانەوە هەیە.پێویستە سەرجەم کوردستانیان دەنگ لەسەر ئەو دەستورە بدەن،نەک تەنها ئەوانەی لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمدا دەژین.من بەگرنگی دەزانم هەر کوردێک لە هەرشوێنێکی ئەم دونیایەدا دەژیت دەنگ لەسەر ئەو دەستورە بدات،ئێستابەپێی ئەو ئامارانەی بڵاوکراونەتەوە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە لە سێ پارێزگاکەدا دەژین، نزیکەی 4 ملیۆن و پێنچ سەد هەزار کەسن،ئەگەر تەماشا بکەین هەمان ژمارەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا هەیە،بەڵام مافی دەنگدانیان نیە.بۆ نمونە نزیکەی ملیۆنێک ودووسەد هەزار کەس لە ناوەندی پارێزگای مووسڵ و دەوروبەری دەژین، نزیکەی حەوت سەد هەزار کورد لەکەرکوک و دەوروبەری دەژین.بەپێی ئەو ئامارانەی کراون زیاتر لەملیۆنێک کوردی فەیلیمان هەیە کە لە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان و بەغدادی پایتەخت دەژین.ئامارێکی دیش هەیە ئاماژە بەوە دەکات زیاتر لە حەوت سەد هەزار کورد لە دەرەوەی کوردستان دەژین،بۆیە من داوام وایە میکانیزمێک بدۆزرێتەوە کە بۆ ئەوەی هەموو کوردێکی باشور لەهەر شوێنێک بێت مافی دەنگدانی هەبێت،چونکە ئەمە چارەنووسی هەموومان دیاری دەکات. ئەوەی کەرکوکیەکان بیریان لێکردوەتەوە حەقێکی ڕەوای خۆیانە، من لەگەڵ ئەوەم مافی دەنگدانیان هەبێت،بە تایبەتی دەسەڵاتی سیاسی کورد بیر لەوە بکاتەوە سندوقی دەنگدان بباتە کەرکوک و ناوچە جێ ناکۆکەکان.لەبەرئەوەی ئەمە کاریگەری باشی دەبێت لە رووی دەرونیەوە،چونکە هەستێکی نەتەوەیی بەرپرسیارانە لای ئەوان دروست دەبێت کە هیچ کات سەرکردایەتی کورد خۆیی لە ئەوان جیا نەکردوەتەوەو بەشێکی دانەبڕون لەوان".ئەم ڕایەی ڕۆشنبیران و بەرپرسان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت،پێویستە کەرکوکیەکان مافی دەنگدانیان هەبێت،تاوەکو هیچ کات کەرکوک بە بەشێکی دانەبڕاو لە کوردستان دابنرێت،پارێزەر خالید نەقشبەندی ئەندامی لیژنەی کەمپینی داکۆکیکردن لەمافی کەرکوکیەکان بڕیاریانە داوە ڕۆژی دووشەی داهاتوو سیمینارێکی تایبەت لەسەر ڕەوشی کەرکوک و ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان بە بەشداری ڕۆشنبیران و یاسا ناسان وبەرپرسانی کەرکوک سازبکەن.نەقشبەندی رایگەیاند " ئێمە وەکو چەند پارێزەرێک و کەسایەتی شاری کەرکوک لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەو گروپەمان دامەزراندوەو دەمانەوێت لەو ڕێگەیەوەبەوردی کار لە مەسەلەی بەشداری کەرکوکیەکان لە دەستوری هەرێم لەڕێگەی چەندین کۆبونەوەو سیمینارەوە بخەینە بەردەم کەرکوکیەکان، تاوەکو دەنگێکی گشتی دروست بکەین بۆ بەشداری کەرکوکیەکان لە دەستوری وڵاتەکەیاندا. لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو ئێمە بەدەست قەیرانی یاساییەوە دەناڵێنین.ئەم گروپەی ئێمە لەو پێناوەدا کار دەکات، بەتایبەتیش لە ئێستادا گرنگترین پرس ڕووبەڕووی گەلی کورد بوەتەوە، پرسی دەنگدانە لەسەر ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان. ئێمە دەمانەوێت کوردی کەکوکیش مافی خۆیەتی رای لەسەر ئەو دەستورە هەبێت، چونکە ناو و جوغرافیای شارەکە لەو دەستورە داهاتووە.ناکرێت ئێستا بێ بەشداری ئێمە تێپەڕێندرێت، لە ساڵی 1992دا کەرکوک لەو ڕەشنووسەدا کە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان بڵاوی کردەوە، پایەتختی کوردستان دەست نیشان کرا. کەچی ئێستا کەرکوکییەکان مافی ئەوەیان نییە لەسەر دەستوری هەرێم دەنگ بدەن. ئەوەی جێی باسە ناوی کەرکوک ناوچە دابڕاوەکان لە دەستوری ئێستادا هاتووە کە سەر بە هەرێمی کوردستانن، کەچی دانیشتوانی ئەو ناوچانە مافی دەنگدانیان نییە لەسەر ئەو دەستورەی چارەنووسی ئەوان دیاری دەکات و ڕایان وەر ناگیرێت. "ئێمە داکۆکی لەوە دەکەین سندوقی دەنگدان بێتە کەرکوک ناوچە دابڕواەکان.ئێمە وەکو کەرکوکیەکان گرفتمان کات و ماوەی دەستور نیە، بەڵکو تەنها گرفتمان لەسەر مافی بەشداریکردنمانە لەو دەستورەدا"

لەتیف فاتیح فەرەج نوسەرو ڕوناکبیرو سەرۆکی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان درووست بوونی ئەو کەمپینە بەمافێکی ڕەوای کوردانی دانیشتووی ناوچە دابڕاوەکان دەزانێت و پێوایە دەبێت سەرکردایەتی کوردستان بۆ بەشداریکردنی دانیشتوانانی ئەو ناوچانە سندوقی دەنگ دان دابێن تاکو کوردستانیانی ناوچە دابڕاوەکانیش دەنگ بەو دەستورە بدەن، لەتیف فاتیح ڕایگەیاند" من پێم وایە هەبوونی دەستور بۆ هەر هەرێم و ناوچەیەک گرینگە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو دەستورەوە کاروبارەکان و ژیانی خۆمانی پێ ڕێکبخەین، ئێمە دەبوایە چەندین ساڵ لەمەوبەر دەستورێکمان هەبووایە، ئەمە ئەولایەنەیە کە هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات هەبوونی دەستور پێویستە هەبوونی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی پێویستە دەسکەوتێکی گەورەشە بۆ هەرێمەکەمان، یەکێک لە گرفتەکانی ئەم دەستورە لەمادەی دوودا بڕگەی یەک لەڕووی مێژویی وجوگرافیەوە بەشێک لەناوچە دابڕاوەکانی تێدانیە وەک بەدرەو جەسان و ولایەتی موسڵ و هتد، لەبڕگەی دوودا پشت دەبەستێت بە مادەی 140 کە تا ئێستا دوژمنانی کورد ئەو مادەیە بە مردوو دەزانن، بەتایبەتی ئەوانەی نایانەوێت کورد بڕواتە پێشەوەو مادەی 140 جێبەجێبکرێت، ئەگەر بێت و بەبێ دانانی سندوق لە ناوچە دابڕواوەکان دەنگ لەسەر ئەو دەستورە بدرێت ئێمە نیگەران دەبین لەوەی لە ئایندەدا ئەو بەشەی کوردستانمان لە دەس بچێت چونکە پێشتر بۆ دەستوری عێراقی دەنگمانداوە چۆن دەبێت بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان دەنگ نەدەین، تەمەنا دەکەم سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و دەسەڵاتدارانی کورد لە بەغدا کار بۆ ئەوە بکەن کەرکوکیەکانیش بەشداربن لە دانانی ئەو دەستورەدا، ناکرێت لە دەستوری عێراق دا دەنگمان دابێت و7/25 دەنگ بۆ دەستوری کوردستان نەدەین"




هاووڵاتیانی شاری کەرکوک نیگەرانن لەوەی بۆیان نییە، دەنگ لەسەر دەستور بدەن هەروەک مەترسیشی دەزانن کە ئەمە دەست بەردانە لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ دەستوری عێراق دەنگیان داوە ناکرێت دەستوری هەرێم ئەوان بێ بەش بکات

محەمەد قادر هاووڵاتیەکی دانیشتووی کەرکوک سەبارەت بەو کێشە وداواکاریەیان رایگەیاند" لە ئێستادا ناکرێت کورد لەو دەستورەدا کەرکوک جیا بکاتەوە ئەمە ترسی ئەوەمان لا دروست دەکات کە سەرکردایەتی کورد پشتی لەکەرکوک کردووە، ئەگەرنا چۆن دەبێت بێ پرسی ئێمە ئەو دەستورە تێپەڕێنێت لێرەوە من داواکارم کە سەرکردایەتی کورد بەبێ پرسی کەرکوکیەکان ئەو دەستورە تێنەپەڕێنێ، چونکە ئێمەش خۆمان بە هاوڵاتی هەرێمی کوردستان دەزانین و خاوەنی کوردستانین خۆ ناکرێت دەنگ بەدەستورێک نەدەین کە چارەنووسی ئێمەی پێوە بەندە"

مامۆستا هەژار کە مامۆستایی ئامادەیی شۆریجەی شاری کەرکوکە رایگەیاند" ئێمە هیچ کات خۆمان لە کوردستان جیا نەکردۆتەوە، بۆیە پێمان خۆشە دەنگ لەسەر دەستوری هەرێم بدەین دەبێت حکومەتی هەرێم کارێک بکات سندوقی دەنگدان لەسەر ڕەشنووسی دەستور بهێنرێتە کەرکوک ئێمە بۆ دەستوری عێراق توانیمان دەنگ بدەین خۆ تاکو ئێستا کەرکوک یەکلانەبۆتەوە سەر بە ناوەند بێت یان کوردستان، بۆیە چۆن توانیمان دەنگ بە دەستوری عێراقی بدەین ئاواش مافی ئەوەمان هەیە دەنگ بە دەستوری هەرێمی کوردستان بدەین"

